# دەسەلاتی کوردی لە نێوان مکیاجکردنی دەمامك و روخساری واقعیدا

## هاوڕێ کاسترۆ - رانیه

روخساری دەسەلاتی کوردی بەدرێژای مەودای ١٨ ساڵەی لەتەمەنی ئازادیدا . روخسارێکی نامۆو دوور لەهەموو پێوەرەکانی حوکمرانی، وەك سەرێك بە جەستەی مرۆڤێکی نەخۆش هەنگاوی ناوە ئەگەرچی دەسەلاتی سیاسی کوردی لەنێوگێژاوی رەهەندە ئاڵۆزەکانی کوردستان لەدایك بووە،خاوەنی تۆمارێك لەجەنگ و کارەساتە ناوخۆیەکان و ریشەیەکی قوڵی سیاسی کۆمەلاتی هەیە کۆمەڵگەیەکی تاك رەهەند و تاك مۆدێل بەرهەم هێناوە، بۆیە نەیتوانیوە جەستەی نەخۆشی خۆی لەنێو هاوکێشە ئاڵۆزیەکاندا ، دەرباز بکات و سەرێك بێت لەئاستی پێوستی جەستەدا، ئەگەر بەپێی زانستی سیاسی مامەڵە لەگەڵ ئەم پێوانەیە بکەین، بێ گومان کۆمەڵگای نەخۆش دەسەلاتی نەخۆش بەرهەم دێنێت ، ئەم ستایلەی حکومەت دەسەلاتێکی گەندەڵ و جەماوەرێکی بێ دەنگی بەرهەمهێناوە، ئەگەر سەرنج بدەینە دەسەلاتی سیاسی کوردی لەناو گێژاوی بێ پلانیدا هەنگاو دەنێ تائەمرۆ وێنەی روخساری خۆی پێشانی هاولاتیانی نەداوە ،دیارە رووی شاراوەی دەسەلات لەواقیعی کۆمەڵگەدا ئەو نەهێنیانە پرچەك دەکات دواجار بەرەو دیکتاتۆریەت دەپەرێتەوە،لەکاتێکدا سیاسەتی میکیاجکردنی دەمامك ودابڕان لەجەماوەر لەکۆمەڵگای کوردیدا باگراوەندێکی ئاینی وکەلتوری هەیە کەمرۆڤەکان ئارەستەدەکات بۆژیانی رۆژانە، بۆیە گومانی بەردەوام لەهاولاتیان و دەسەلاتی خۆی دەچنێتەوە، بەم شێوەیە فەزای سیاسی بەرێوە دەبات، لەراستیدا گومانی حکومەت لەهاولاتیان گومانێکە ئەومانایە دەبەخشێت کە هەموو پەیوەندییەکانی نێوان سەروجەستە کۆتایی دێنێ و بۆشایەکی گەورە لەنێوان هاولاتی و دەسەلاتدا بەرهەمدێنێت، لە کاتێکدا هەموو جوڵەیەك لە جەستەی مرۆڤدا لەسەرەوە فەرمانی بۆ دەردەچێت و لەخوارەوە جێبەجێ دەکرێت ، کە واتا جەستەیەکی بەبێ فەرمانی سەرو سەرێکی بێجێبەجێکردنی جەستە چ مانایەکی بۆ ژیان هەیە، لە بەرئەوە دەسەلاتی سیاسی کوردی هەمیشە روخساری خۆی لەبەردەم جەماوەردا گۆڕیوەوئامانج خۆی خستۆتە پێش جەماوەرەوە، لێرەدا دەکرێت بڵێین میکیاجکردنی دەمامك دووجار گۆڕینی روخسارە لەبەردەم هاولاتیاندا،چونکە چەمکی گومانی حکومەت لەجەماور بەپێچەوانەوە، ئەومانایە پشت راست دەکاتەوە کەدەسەلات گومانی لەهەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا هەیە و تەنانەت لە خۆشی بەپێچەوەنەوە هاولاتیانیش. لەبەرئەوە هەموو ئەوپلان و گەشەکردنانەی لەهەرێمی کوردستان جێبەجێکراون ودەکرێن بەناو روخساری دەمامك کراوادا گوزەردەکەن . تەنانەت بەپرۆسەی هەڵبژاردنیشەوە ئەو سیناریۆیە لەناو دەسەلاتێکی ناتەندروستدا بەناوهاولاتیانی بێ دەنگدا دەروات. لە راستیدا ئەستەمە هاوشێوەکردنی دەسەلاتی کوردی بەجەستەیەکی نەخۆشی مرۆڤ، بەلام ئەزموونی دەسەلاتی گەندەڵی چەند ساڵە پێمان دەڵێت هەموو هەڵبژاردن و گۆرانکارییەکانی کوردستان روخسارین و لەپێناو گۆڕاندا نین. بەڵکو لەپێناوی جێبەجێکردنی ئامانجە سیاسییەکاندان بۆپۆلێن کردنەوەی دەسەلات ، کەواتا کاریگەرییەکانی ئەم گۆرانە رۆتینین و تەنیا لەسەردەمامکی روخسارە نەك هەموو جەستەی مرۆڤ لەبەر ئەوە سروشتی ئەم گۆڕانە، لە جەستەیەکی نەخۆشدایە بەرهەمەکانی ئازار شکێنن نەك چارەسەری کۆتایی ، لێرەوە کاریگەرییەکان تەنیا لەسەرخانی کۆمەڵگا دەمێنێتەوەو شۆڕ نابنەوە بۆ ژێرخانی کۆمەڵگا. بۆیە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکە لەسەر کارنامەی چارەسەرە کاتیەکان کار دەکات و پلانی گشتگیرو درێژ خاین وهەمەلایەنی نییە بۆ پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵگا . لەبەرئەوە دەبینین حکومەت لەژێر سیستەمێکی دیاریکراودا کارناکات ، بەڵکو هەر وەزارەتەی بە بیرکردنەوەی وەزیر دەڕوا بەرێوە جا توانای ئیداری وپسپۆری و فکری وەزیر هەرچۆنێك بێت گرنگ نیە کەواتا دەکرێ بڵێین سەری حکومەت بۆ کاراکردنی جەستەی حکومەت لاوازە و پەیوەندیەکانی نێوانیان پچڕاوە . سەر بەشێوەیەك کار دەکات و جەستەش بە فەرمانێکی تر وەری دەگرێ ، ئاڵۆزییەکانی نێوانیان بە شێوازێك کاردانەوەی هەبووە کە ئەم هەرێمەی کردۆتە هەرێمکی بێ بەرپرسیاری و هەرێمێك بەس داواکاری تایبەت نەك ئەرك . ئەمەش وایکردووە ئینتیمای تاکی کوردی بە حکومەتەکەیەوە تەنیا موچەی مانگانەیە کەوەری دەگرێ بەپێچەوانەوە هیچ ئینتیمایەکی بۆ حکومەتەکەی نییە، ئەمەش ئەم دابڕانەی نێوان حکومەت و جەماوەر پشت راست دەکاتەوە، بەرئەنجام کۆمەڵگایەکی نەخۆش بەرهەم هاتووە کە لەسەرقاچەکانی خۆی نەوەستاوەو بەردەوام چاوەڕوانی فەرمانی دەرەکی دەکات بۆدەربازبوون . بێ گومان دەرباز بوون لەودابڕانەی نێوان جەماوەرو دەسەلات ،هەروەها ئاسایی کردنەوەی گیانی دەسەلات دەبێت بە شێوازێکی تەندروست هەنگاوی بۆ بهاوێین، کە بە ببێتە بنەمای بەهێزی حکومەت ، لەراستیدا ئەبێ لەوەوە دەست پێبکەین هەموو هەوڵێکمان بۆ خزمەتکردنی هاولاتی بێ و لەهیچ دۆخێکدا هاولاتی لە بیر نەکرێت و قەرەبووی رابردووی بۆ بکرێتەوە ، چونکە ئەو دابڕانەی لە ماوەی ١٨ ساڵەی را بردوودا کاردانەوەیەکی سایکۆلۆژی لە سەردەرونی تاکی کوردی داناوە و بێ ئومێدی کردوە لەدەسەلاتی کوردی ، چونکە کارکردن لەسەر گەراندنەوەی متمانەی هاولاتی و دەسەلات مەرجی سەرکەوتنی هەموو حکومەتێکە نەگەرنا وەك چارەنوسی هەرمرۆڤێکی نەخۆش ئەنجامەکەی دەبینین وحکومەتیش دەچێتە ناو ئەو هاوکێشەوە کەهاوتای مرۆڤێکی نەخۆشی کەین.



## عەلی کەریم

# پێشەکییەك بۆ گۆڕانکاری سیاسی لەکوردستان (16)

## هەڵبژاردن و کۆمەڵگەی فرە ئەلتەرناتیڤ

یەکێك لە جیاوازییە جەوهەرییەکانی نێوان کۆمەڵگەی کراوە و کۆمەڵگەی داخراوەکان پرسی فرە ئەلتەر ناتیڤیە یان بوونی زیاتر لە ئەلتەرناتیڤیە کە لەسەر هەموو ئاستە سیاسی و ئابووری و کەلتورییەکانی کۆمەڵگە.

لە نێوان هەردوو کۆمەڵگەکەشدا تەنها خاڵی هاوبەش کارکردنی دەسەلاتە لەسەر بڕوا هێنان بە واقعی تاك ئەلتەرناتیڤی. بەڵکو سەپاندنی واقعێك کە ئەم دەسەلاتە جوانترین و باشترین دەسەلاتە لەبەرامبەریشدا خاڵی لێك جیابوونەو ئاستی ئامادەکی کۆمەڵگەیە بەهەموو پێك هێنەرەکانیەوە بۆ قبوڵ کردنی ئەو واقیعە یاخوود رەت کردنەوەی. کۆمەڵگەی کراوە کۆمەڵگەی جیاوازی و یەك گرتنە ، کۆمەڵگەی کۆکبوون لەسەر هەندێ خاڵ و پرسی دیاریکراو بەلام بە پاراستنی جیاوازی و تایبەت مەندیەکانەوە . بە ئاسانترین دەربڕین هەموو رەگەزوو جەمسەرەکانی کۆمەڵگا لەسەر ئەوە کۆکن کە بەیاسایەکی مرۆیی قسە لەسەر کراو پەیوەندییەکانیان رێك بخرێت بەشێوەیەك بواری ململانێ سپی و شەڕی پرۆژەیان بۆ دەستەبەر بکات . بەمەش دەبنە خاوەن فەزایەکی هەردەم کراوە کە گرنگترین زەمینە و زەمانەتی بەرهەم هێانانی تێزو هێزو ئەلتەر ناتیڤی تازە یە بە بەر دەوامی لەسەر هەموو ئاستەکان. بەپێچەوانشەوە کۆمەڵگای داخراو کۆمەڵگایەکی یەك رەنگ و یەك ئەلتەر ناتیڤ و بەیەککردنە! کۆمەڵگەی قبوڵ کردنی واقعێکی دا سەپاوە کە دواجار هەموو ئەندامان ، هەموو هێزوو رەگەزەکان وەك کۆمەڵە مردوویەك بەتەنیشت یەکەوە ریز دەکات! لێرەشەوە بواری ململانێی ئەلتەرناتییڤ وپرۆژەکان نەك هەر بەرتەسك دەبێت بەڵکو دەبێت بەبواری حەرام کرا و کوفرە سیاسیە کوشندەکان.

کاتێك هەڵبژاردنی راستەقینە نابێت وەك دەرەنجامی راستەوخۆی ئەو واقیعە دژوارە دەسەلات دەبێتە تاکە ئەلتەر ناتیڤ و حیزبی دەسەلاتداریش دەبێتە دوا خیاری خەڵك! کوردستان لە نێوان هەردوو حاڵەتەکە دایە . لەنێوان خواستی بە تاکە بەدیل هێشتنەوەی دەسەڵاتی ئارا و خواستی هێنانەکایەی ئەلتەرناتیڤی جیاجیا لەپێناو گۆڕان و تازەگەری .

لەم رۆی کوردستان دا دەسەلات زۆر بەقورسی کار لەسەر ئەوە دەکات کە تاکە بەدیل بێت لە گۆرەپانەکەو خەڵکی لەدەرەوەی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان هیچ ئەلتەر ناتیڤێکی تری نەبێت ، ئەم حاڵەتە نەخۆشەش بەداخەوە لای بەشێکی کۆمەڵگە قبوڵێکی هەیە . کە ئەمەش دەرخەری هەژموونی کۆمەڵگەی داخراو ژەنگ گرتووی پیرەکانمانە بەسەر ژیانی گشتی دا.

من پێم وایە ئەکرێت گروپ گروپ خەڵکی کوردستان بەتایبەت مەدەنیست و دەستەبژێر و رۆشنبیران ئەلتەر ناتیڤی تازە بن بۆ کۆمەڵگا لەسەر هەموو ئاستەکان بەلام کاتێك ئەبنە نەوەیەکی نوێ بەهەموو مانایەك. ئەبێت دەستەبژێرە سیاسی و رۆشنبیری و مەدەنیەکان کار لەسەر ئەوە بکەن کە فەزایەکی کراوە بەرهەم بهێنن ، واتە ئازادیەکی راستەقینە لە کۆمەڵگەدا دەستە بەربکەن تا هەمووان بتوانن گوزارشت لە بوون و ناوەڕۆك وپرۆژەکانی خۆیان بکەن ، کە لێرەوە ململانێی پرۆژەو نموونەو چۆنایەتیەکان دەست پێدەکات .

بەهەمان ئاست لاوان کە تاقانە ئومێدی کرانەوە و گۆران و نوێگەرین ئەبێت هەیبەتی سیحراوی ئەو دەسەلاتە بەتاڵ بکەنەوە کە خۆی وەك تاکە بەدیل و دوا بەدیل بە سەر خەڵکدا سەپاندووە ! نەوەی نوێ نەك هەر نابێ ملکەچی هیچ گوتارێکی دۆگماو دۆگماکەری لەو جۆرە بێت کە پێماندەڵێ تەنها بەدیل و لوتکەی خێر و خۆشی ئەو دەسەلاتەیە کە ئەمرۆ لە کوردستان هەیە بەڵکو ئەبێت بە بەر دەوامی لەو یەقینانەی دەسەلات و حیزبی دەسەلات دار بەسەر خەڵکدا هەتا بەسەر ئەندامانی خۆی دا دەیسەپێنێت گومان دروست بکات .

نەوەی نوێ لەهەر دام و دەزگایەك لەهەر وەزارەتێك لە ناو هەر حیزبێك بەتایبەتی دوو حیزبی گەورەکە لە هەر دام و دەزگایەکی مەدەنی و میدیایی و لەهەر دامەزراوەیەکی بچوك یان گەورە ئەبێت ببێتە هێزێك بتوانێت پاشەکشە بە پیرەکان و نەریت و گوتار و بیرکردنەوەکانیان بکات .

لەسەر ئاستی گشتی کۆمەڵگەش ئەبێت کاری نەوەی نوێ بەهەم و شێوازە مەدەنییەکان و لەسەر هەموو ئاستەکان هاندانی ئەلتەر ناتیڤی تازە بێت بۆ کۆمەڵگە.

ئەبێت فرە ئەلتەرناتیڤی بکەینە ناسنامەی ئەم قۆناغەی ژیانی خەڵکی کوردستان هەر کە پێمان نایە نێو کۆمەڵگەی ئاییندەوە ئەوا کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی رابردوومان بە جێهێشتبێت. پێم وایە کۆمەڵگەی کوردی ئەتوانێت (ئەگەر تائێستاش نەیتوانی بێت) ئەلتەر ناتیڤی تازە بەرهەم بهێنێت . ئەوەندە ووزەی تێدایە کە سنوورێك بۆ گوتاری تاك بەدیلی دابنێت! بەلام پێویستی بە هێزێکە بیجوڵێنێت و نەوەی نوێ و مەدەنیست و رۆشنبیرانیش روحی ئەو هێزەن. پێویستە لەم چرکەساتەوە کە بەرەو هەڵبژاردن دەرۆین ، مانا بەو دروشمە بدەن ئەوان ئومێدی گۆران و تازەگەرین و ئەوان زەمانەتی دیموکراسین لەکوردستاندا .

# پەرلەمان حیزبییەو حیزبیش یاسایە

## ئیدریس سەدیق

١ -پرسە ناوخۆییەکان

ئەگەر بێتو بەراوردێکی خێراو سەرپێیی بەسەر پەرلەمانە پێشکەوتووەکانی جیهان و بەناو (پەرلەمانە بێنازەکەی) خۆمان بکەین چەند خاڵێکی گرنگ بۆمان دەردەکەوێت کە (پەرلەمان )ەکەی خۆمان چەند بێدەسەلاتە، سەبارەت بە پرسە ناوخۆییەکان و هەڵسوکەوتی بەرامبەریان .

لەولاتە پێشکەوتوەکانی دونیا (یاسا) سەروەرەو درشت و وردی هاولاتیان ملکەچن بەرامبەری و ئەگەری دەرکردنی هیچ یاساییەك یا هەمواركردنی ناکرێت ئەگەر لەبەرژەوەندی گەل و نیشتمان نەبێت ،کەچی لەولاتی ئێمە حیزب بالادەستە یاساکان هەمواردەکرێن بەپێی بەرژەوەندی تەسکی هەردوو فراکسیۆنەکەو دەستە دروستکراوەکانیان بەپێی ئارەزوو و خواستی حیزبەکانیان وەك ئامێرێکی کارەبایی بەیەك دوگمەی سەوز یا زەرد، بەرز دەکرێنەوەو دێنەخوارێ!! بێرەچاوکردنی تۆزقاڵێك لەبەرژەوەندییەکانی میللەت و بە پیرۆز زانینی بەرژەوەندییەکانی حیزبی تەسك.

لەولاتە پێشکەوتووەکان و پێگەیشتووەکان بەسەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران و وەزیرو بەرپرسەکان زۆر بەئاسانی لەسەرکار لادەبرێن ئەگەر یاسا پێشێل بکەن و تۆزقاڵێك لەهێڵی سووری نیشتیمانی دووربکەونەوە بە پێی بریاری پەرلەمان !!لەولاتی ئێمە لەبەر بەرژەوەندی تەسکی حیزبی ،ئەو خەڵکانەی کە توانای بەڕێوەبردنی ماڵی خۆیان نییە بوون بە بەرپرس و خۆیان دەوڵەمەند کرد لەسەرحیسابی هاولاتی ماندووبوو ،ئەگەر ولات تەرت و وێرانیش بێت هیچ باکیان نیە سیستەمی هەردوو حیزبەکە وایکردووە خەڵکی ناشایستە یاداشت و خەلاتی پێ بدرێ و شوێنی ماقووڵ و شیاوو پۆستی باش وەربگرێ!!!

کۆمەڵە پرسیارێکە دێن لەوانە ئایا رۆژێك لەرۆژان بیرتان لەچاککردنەوەو هەڵی کاریگەرانە داوە بۆ گەرانەوەی شەرعیەتی سەروەرو یاساو یەکبوونی دەوڵەت؟ ئایا چ هەوڵێك خراوەتە گەر بۆ دانانی سنوورێك بۆ ئەم دەست درێژیە نارەوایەی کە دەکرێتە سەر مافی هاولاتی و ئایا چ یاساوێك دەهێننەوە بەرامبەر کێشە چارەنووسازە ستراتیژیەکان ؟؟

ئایا رۆژێك لە رۆژان بوێرانە چاونەترسانە وێراون باس لەگەمە ناستراتیژییەکەی هەردوو فراکسیۆنەکە بکەن و داوایان لێبکەن نهێنی دوو قۆڵیەکە ئاشکرا بکەن و ئەگەر سیتراتیژی بێ دەبێ بەرامبەر کێشە نەتەوایەتیەکان (نەخوازەلا )،ئاوا دەبێ سەرتاپای میللەتی بگەرێتەوە ، لەپارتە سیاسیەکانی ترو رێکخراوە میللییەکان ئەگەر نا ئەوا بێ گومان پێکهاتەی ئەنتی میللەتە ،پاوانکردنی سامان و دەسەلات و کۆمپانیا و مۆنیکا و قەسری خۆش و تاقمی ئیتالی و خواردن و خواردنەوەی خۆشی بیانیه!!

بەرەنگاربوونەوەی خواستی شەقام و کپکردنی دەنگی نارەزایی بە بڕیارە گومانلێکراوەی هەڵبژاردن بە لیستی داخراو بێ !! ئەگەر ئەم بریارە دژی میللەت نەبێ ،ستراتیژییەکەی دژ بە کێیە؟ قەیدی چی دەکات با ئەندامە بەرێزەکانیش وەك بەرزکەرەوەیەکی کارەبایی بەنیوە دوگمە سەوزو زەردەکە روو زەردانە ،دەستەکانیان بۆ سەری یا بۆ خواری بەرن بە شێوەیەکی ئەلکترۆنی! ئایا رۆژێك لەرۆژان بیر لەهاوردە ئێکسپایەرە بیانییەکان کراوەتەوە کە بە تەزویر (مەریخ و زوحەل و موشتەری) لەسەر دەنوسن و لەسەر لاشەی ماندووی ئەم میللەتە خۆ دەوڵەمەند دەکەن و کۆمپانیایەکیش کە پشکی سەرەکی بەر پرسەکانی تێدایە و بە لووت بەرزییەوە لافوگەزافی ئەوە لێدەدەن کە ئەو کەلوپەلە بەسەر چووانە بۆ ((گوفەکستان)) رەوانە دەکەن و هەرئەوەندە دەزانی هۆکانی راگەیاندن هەواڵی لەناوبردن و سوتاندنی دەیان تەن خواردن و خواردنەوەی بەسەرچوو رادەگەیەنن !! جەناب ئێوە لە کوێ بوون ؟ قەیدی چیە؟گرنگ بازگەیەوپارەکەش بۆ گیرفانی حیزبە !! ئایا رۆژێك یا ساتێك ویژدانتان هەژاوە بەرامبەر منالی شەهیدو ئەنفالەکان کە چەند بە نائومێدی دڵ پڕ لەحەسرەت و کەسەرەوە شەوانە سەر دەنێنەوە و خەو دەیانباتەوە کە بەدوای رۆژە ئیشێکدا دەگەرێن و چنگیان ناکەوێت (نەخوازەلا تەعین)و منالی بەرپرس و کاربەدەستەکان تا دەگاتە شوفێرەکانیشیان لە چ نازو نیعمەتێکی خۆشدا دەژین، لەخەونی ئەرخەوانی شەهاوەی تەزویرو سەفارەتی دەرەوە و عیلاقاتی گومانلێکراو!! ئێوەبوون هاتنە سەر سفرەیەکی حازرو مری خۆتان لێخۆشکردو میللەتیش ئاشبەتاڵ!!

ئایا رۆژێك لەرۆژان بیرتان لەکەرتی کشتوکاڵی کردۆتەوە کە بەهێزترین داهاتی میللەتە ؟گەشەی پێبدرێ و گیرگرفتەکانی چارەسەر بکرێ؟بێگومان نا، چونکە هاوردەکان دریان پێدەدرێ وداهاتی گومرگ و بازگەکان کەمدەبێت ئەمەش لە بەرژەوەندی حیزب نییە باکار بگاتە ئاشبەتاڵی جوتیاری پشت کۆمی شەکەت و ماندوو لەسەر زەوییەکەی و دەستبەردانی لەهاوپەیمانی ستراتیژی پیرۆزە .

گرنگ نییە ساڵ دوانزە مانگ نایابترین و بەلەزەترین و بە تامترین ترین سفرەو خوانەکانتان دەرازێننەوە و لەبەر دەمتاندایە ،چونکە ئەمەش گومرگە پارەکەش بۆ گیرفانی حیزبە !!! بەسەدان خەڵکی ناشایستەو نابەجێ و بێ شەهادەتان کرد بەخاوەن شەهادەی بەرز بۆ ئەوەی پۆستی بەرزییان پێبدەن !!واپێدەچێ چاوتان بە هیچ تێرنابێ وە ئەگەر خیانەت لە زانین و زانستیش بکرێ بۆ ئەوەی کەسانی نەشیاو لە شوێنی گرنگ دابنرێ و ببێ بە پسپۆرو شارەزا کەچی(پیواز لە سیر دەرناکا )وە چارەنووس و کاروانی میللەتێك لە دەست ئەم بۆرە کەسانەبێت بابازی هەموو تفەنگ بێت رۆژێك گورگ هەر دەیخوات !!

هەر لەدوای راپەرین دەستکرا بەدزین و تالانی و بڕۆیی سەروەت و سامانی میللەت و هەرچی هەبووە ئاودیوتان کرد و پرۆژە ستراتیژییەکەی بەنداوی بێخمەتان بە چەند پولێکی سوتاو فرۆشت بەبێ رەچاوکردنی هیچ ئیعتبارێکی سیاسی و واتان کرد خەڵك چاوتان لێبکات و(گەورەش دەرێژێ و گچکەش پێی لێدەخشێنی)، ئێستاش دوای هەژدە ساڵ مەینەتی (گیا لەسەر پنجی خۆی دەروێ و هەمان سیناریۆ و فیلم دووبارە دەبێتەوە ئەگەر ئەمە مافیا نەبێت چ لە رەهەندی سیاسی لەمە کوشندەترو ترسناکتر هەیە؟بۆیەش دوژمنانی دوێنێ و دۆستی ستراتیژی ئەمرۆ ناویان لێناون (مافیا) ببوورن،نك ئێمە!!هەر بۆیەش دۆزی کورد سووك وپوچەڵ ولاواز بوو و هەیبەتی نەما بە تایبەتیش دوای رووخانی رژێمی سەدامی خوێنرێژ ،هەر مەپرسن چەند پسپۆرو زانا و لێهاتوو یەکبوون لە پێکهێنانی هێزی ئار ئار !! لە بری پێداگرتن لە پرسە چارەنوسازەکان ،تەنیا وشەی کوردیشتان زراند لەهەموو دونیا خۆشتان بچووککردەوە !!ئەو بێ ئیشیە کەباڵی رەشی بەسەر هەموو کوردستان کێشاوەو چەپۆکی رەشی دەرچووانی کۆلێژو پەیمانگەکان لەکچان و کورانمان کێشاوە بەسەریان ،گەورەترین و سامناکترین رەوشی بێ ئومێدی و داتەپین و داهێزرانی تەنیوەتەوەو شەپۆل و لافاوی رق و کینەی لێدروست بووە لەبەرچاوتان ئەگەری تەقینەوەی لێدەکرێ ! لەبری ئەوەی ژێرخانی ئابووری پتەو محکوم بکرێت وە کارگە بخرێنە گەروە لاوەکانمان بازووی ئەستووریان و مەچەکیان لێهەڵماڵن و ئارەقە برێژن بۆ بنیاتنانی شادەماروکۆڵەگەی ئابووری ولات پشت ئەستوور بێ بەبەرهەمی ناوخۆ لەبری ئەمە کارگەکانی سەردەمی پێشوشتان ئاودیو کرد ،هەر بەرهەمهێنەرێکیش روو لەکوردستان بکات هەڵسوکەوتی ففتی_ففتی لەگەلا دەکەن!!

رۆژانە رۆژنامەکان و هەواڵگری میدیاکان پڕن لە کارەساتی جەرگبڕ لە خۆکوشتن و خۆ سوتان و دەستلێبەردان و جۆرەها کێشەی خێزانی تری دڵتەزێن...!! ئایا رۆژێك بیرتان لێکردۆتەوە و چ هەنگاوتان ناوە چ باستانکردوە لەدیوەخانەکەتان ؟ئایا دەزانن لە هەر ولاتێکی پێشکەوتوو بێت سەرکردە بەرپرسەکان جەرگیان ژان دەکا و دڵیان دەتوێتەوە توێژینەوەی خێرایی ئەنجامدەدرێ لە هۆکارەکان دەپێچنەوەو بەرپرسی ئەم تراژیدیانەش لەسەرکار لادەبرێن و فرێدەدرێنە زبڵدانی مێژووەوە

رۆژانە سەرکردەو بەرپرسەکان و هۆکانی راگەیاندن باس لەگەندەڵی دەکەن وخۆ ئەگەر ئەمە چەواشەکردن و خۆدزینەوە لەدرکاندنی راستییەکان و بەهەند نەزانینی شەقام و پەراوێزکردنی نەبێت ئاخۆ دەبێ چی دەگەیەنێ ؟ سەروچاوە دەبێ ئاوی پاکی لێبخورێ ،ئەگینا لە چ زەمەنێك بووە ئاوی شێلو لەخوارەوە سازگارو بێگەرد بکرێ !! چ رۆژێك لێپێچینەوەیەکتان لەگەڵ بچوکترین کاربەدەستکردووە (نەخوازەلا)کاربگاتە گەورەکان ؟؟ ئەوەندە روو زەردو بێدەسەلاتن تا کار گەیشتۆتە هۆڵی ئەزموونەکانیش ساختەبازی و قۆپیەو هۆڵی تایبەت سەوزەڵی و سەرچۆپی شاییانە لەبەهاری سەوزو زەرد !!لەبەر خاتری جەمی بەرپرسەکان و وەدیهێنانی ((شەهادەی تەزویر ، ببوورن تقدیر)) و دواتریش وەرگرتنی پۆستی گرنگ و چەور !! ئەگەر ئەمە لە دەستدانی هەیبەت و حورمەت نەبێ چ دەگەیەنێ ؟؟

تەنیا وە بیرهێنانەوەیە کە (کلینتۆن)، سەرۆکی پێشوی ئەمریکا لەسەر کێشە ئابرۆ بەرەکەی (مۆنیکا ) لەسەرکار لانەبرا!! بەڵکو تەنیا درۆی بەرامبەر(یاسا )کردو راستی شاردەوە !! سەرۆك وەزیرانی سوێد لەسەر کرینی دەستە جلێك لەسەر حیسابی دەوڵەت لێپێچینەوەی لەگەلاکراو لەسەر کار لابرا !! ئەمەیە یاسا مافی مرۆڤ و پێشکەوتنی شارستانێتی.

یاساو دەستوور لەولاتی ئێمە بووەتە سفر مادامەکینێ دەستێوەردانی حیزب لەناو دامودەزگاکان بەردەوام بێ و ئەزموونی کوردیش کەوتۆتە مەترسی و کێرڤی بەرەو خوارەوە دەڕواو بەرپرسێتی مێژوو لەبەردەستی ئێوە دایە .بریمەری حاکمی پێشووی عێراق راستی وت ((سەرکردایەتی لە بری پرسی سیاسی داوای پارەیان کرد!)) سەد ئافەرین بارك اللە.

# گۆڕان لە نێوان راستی و شاراوەدا



## سیروان ئیدریس گەردی

بێگومان ئەوانە بە شێوازێکی هەرەمەکی باس لە ستاتیکی سەنتەرو رێکخراوە مەدەنییەکان بە لایەنێکی نێگەتیڤ دەکەن ئەمانە کەسانێکی کەمێك ناڕاست بینن، چونکە ئەو کرانەوەی کۆمەڵگا و ئەم فراوان بوونەی بیری سیاسی لە کوردستان ئەتوانم بڵێم لە سەر خودی گۆڕانی ئەم رێکخراو و سەنتەرە (n.g.o )انەیەکە هاتە کایەوە، ئەگەر بێت و ئەم سەنتەر و رێکخراوانەش باگراوەندێکی سیاسیشیان لە پشتەوە هەبێت بەلام هەر واتا سەرکەوتن بۆ مەدەنیەت و دیموکراسیەت، چونکە تا دوێنێ شەر بۆئازادی کوردستان بە چەك بوو بەلام ئەمرۆ بە پێنوسێکی مەدەنیانە دەتوانین ببینە درێژە پێدەری ئەو ئازادی یەی کە لە شۆرشە کوردیەکان هەوڵی بۆ دراوە ، نابێت ئەوەشمان بیر بچێت لە پاش رووخانی رژێمی بەعسەوە جموجوڵی مەدەنی و رێکخراوەیی لە کوردستان پەرەی ساندووە، بۆیە زیاتر دێمە ناوەرۆکی ئامانجەکەم ئەویش لە گەڵ بوونی ئەم هەموو ناوەندە رۆشنبیریە لە کوردستان

واتا زیاتر دەروازە کرانەوە و شکاندنی بەربەستە زبریەکان لە نێو خێزان دا مەبەستم لە خێزان دیموکراسیە لە گشت بریارەکان وەك (ژنهێنان و شوکردن و ..هتد )،کە ئەمەش وا دەکات مافەکانی تاك بە شێوازێکی ئەرێنی بەرجەستە بکرێتو بۆ چوونە ناو ناخی مەدەنیەت، چونکە تا خێزان داخراوبێت لە ناو هەرکۆمەڵگایەك واتا رووخانی مەدەنیەت، ئەمرۆش لە جیهان چەند پێوەرێك دانراوە بۆ بوون بە وولاتێکی مەدەنی و دیموکراسی ئەمانیش(مافی ژن و راگەیاندنی پرۆفیشنالی ئەهلی ..هتد ) بۆیە ئەمانەش کاری راستەقینەی رێکخراوە ( n.g.o )کانە کە بتوانن ئەم دەستەواژانە بە شێوەیێکی راست نیشانی دونیا بدەین کە ئێمە لە ماوەیێکی کەم توانیمان لە گەڵ خێرایی و پێشکەوتنی دونیا برۆین،شاراوەش نیە تاوەکو ئێستا کۆمەڵگای کوردی بە دەست کۆمەلێك داب و نەریتی کۆن ئەناڵێنێ تایبەت ناموس پەرستی و کوشتنی ئافرەت،کەواتە ئەمرۆ زۆر پێویستەئەم پێنوسانەی کە ئەیانەوێت هەوڵی گۆڕان بدەن لە ناو کۆمەڵگا بە تایبەتی لە رێکخراو و سەنتەرە ( n.g.o ) دەبێت پێش هەموو شتێك هاندەر بن ئێنجا هەوڵی رەخنەگرتنیش بدەن چونکە خودی بونیات نانی ئەم رێکخراو و سەنتەرانە ساوان لە کوردستان ،چونکە تا ئێستاش هەر تاقی کردنەوەیە لەبەر ئەوەی خودی حکومەتەکەشمان تەمەنێکی بچوکی هەیە لە بواری سیاسی و مەدەنیەت،بۆیە نابێت داوای پرۆژەی زۆر گەورە لەم رێکخراو سەنتەرانە بکرێت چونکە ئێمە تازە لە سەرەتای پەروەردەکردن و رۆشنبیری گشتی خەڵکین بە تایبەت لاوان چونکە ئەوان نەوەی داهاتوون وە بە دیوێکی تر هەندێ لە رێکخراو و سەنتەرەکان ئەو توانا مادییەیان نیە کە پرۆژەی گەورە بە ئەنجام بگەیێنن، ئەمرۆ وەزارەتێکیش هەیە بۆ هەمان مەبەست بەلام ئەویش نەیتوانیوە لە ژێر رکێفی خۆی گشت رێکخراوە (n.g.o)کان کۆبکاتەوە ، بۆیە لە سەر هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە پێویستە بە تایبەت راگەیاندن کارەکان بە شەفافیەتر خامەکانیان بە گڕ بخەن و خاڵە لاوازەکانی ئەم رێکخراو و سەنتەرانە دەست نیشان بکەن و بۆ ئەوەی هەمووماں بەیەکەوە کۆمەڵگاو رەوشێکی مەدەنی لە کوردستان دروست بکەین .

## د. نیکۆلاوس-مێژوونووس و ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی:

# ئەڵمانیا لە ڕێگەی چەكدان بە توركیا و پێشتریش بە عێراق بۆتە بەشێك لە شەڕی دژ بە كورد



**مێژوونووس و ڕۆژنامەنووس د. نیكۆلاوس كە ئێستا كتێبێكی سەبارەت بە لێكۆڵینەوەیەك لەسەر كوردستان لە ژێر دەست دایە، لە میانەی دیمانەیەكی لەگەڵ (میدیا) ڕەخنە لە چۆنییەتی مامەڵەكردنی حكومەتی كوردستان لەگەڵ زیندانیانی سیاسی دەگرێت و لەگەڵ ئەوەش خاڵی وردەكاری لەبارەی هەڵەكانی ئێستای پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتیمانی كوردستان لە بەرامبەر ئەمریكا دەخاتە ڕوو.**

نیاز عەبدوڵا-میدیا
وەرگێڕ: فوئاد عەزیز

### بەشی یەكەم

**میدیا: تۆ شارەزاییت لە مێژووی كۆن و نوێی ئەڵمانیا هەیە، چ هۆكارێك وای لە تۆ كرد بایەخ بە كێشە سیاسییەكانی گەلی كورد بدەیت و ببیتە قسەكەری كۆمیتەی هاوكاری كوردستان لە بەرلین؟**

–وەك مێژونوسێكی ئەڵمان تەنیا بە مێژووی ئەڵمانی تایبەت نیم. لە جیهانی گلۆبالیزم مێژووی نەتەوەیی نموونەی زۆری لەگەڵ مێژووی ڕوسی جودای نییە، بۆیە كارم لەسەر مێژووی سۆڤیەتی كرد و شتم لەسەر نووسی. كاری ماجستێرم لەسەر پەیوەندی ئەڵمانیا و توركیا بوو لە دەوڵەتی ئیمپراتۆری پێش شەڕی جیهانی یەكەم. خاڵی قورسایی لێرە دەڕوا بۆ ئەوەی هێڵی ئاسنی شەمەندەفەری بەغدا وەك كەرەستەی ئیمپریالیستی ئەڵمانی "بۆ گەیشتن بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئاشتی". هەر وەك ئەمڕۆ تانك لە ئەڵمانیاوە دەدرێتە توركیا و پێش زیاتر لە ٢٠ ساڵ گازی ژەهراوی بە سەدام حسێن درا. ئەو دەوڵەتەی ئیمپراتۆرییەتی ئەڵمانی سوپای عوسمانی چەكدار كرد هەتا كەماندۆزی لەسەر هێزە توركیەكان كرد لە شەڕی یەكەمی جیهانی. یەكەمین قوربانی ئەو برایەتییە چەكدارییەی نێوان ئەڵمان و تورك ئەرمەنییەكان بوون و ئەمڕۆش كوردەكان. سەبارەت بە كێشەی كورد من یەكەمجار لە كاتی شەڕی كەنداو ١٩٩١ دەستم پێكرد. لە ڕێگەی خۆپێشاندانەكانم دژی شەڕ كوردەكانم ناسی، زیاتر باسی بارودۆخی خۆیان بۆ من لە ١٩٩٣ كرد، كە pkk لە ئەڵمانیا قەدەغە كرا ڕاستەوخۆ من بەشداریم كرد لە دروست بوونی (كۆمیتەی هاریكاری كوردستان) لە مونشن (میونخ) كرد. ئێمە پێشتر هەڵسەنگاندنێكی تەواومان كرد كە ئەو قەدەغەكردنە تەنیا دژی pkk نییە بەڵكو دژی هەموو كوردەكان و پەنابەرەكانە، لە كۆتاییدا دژی مافە دیموكراتییەكانی بزووتنەوەی كرێكارییەكانە لە ئەڵمانیا. تەنانەت جارێك خۆپێشاندانی سەندیكا كرێكارییەكان لە یەكی مارس قەدەغە كرا، لەبەر ئەوەی پۆلیس ترسی هەبوو خەڵكی pkk بەشدار بن. زۆر لە سزا نایاساییەكان لە ساڵانی هەشتا و نەوەدەكان كە یەكەمجار تووشی pkk هاتبوون ئەمڕۆ بە هەموو شێوەیەك تووشی هێزی چەپەكان دەبێتەوە ئەوانەی بزووتنەوەی دژ بە شەڕن دژ بە كاپیتالیستەن. قەدەغەكردنی pkk لێرە خزمەت كردنە بۆ ڕێگەكردنەوە بۆ ڕووخانی مافە دیموكراتییەكان لە ئەڵمانیا. داواكارییەكانی هەڵگرتنی قەدەغەكردنی pkk یەكێكە لە گرنگترین داواكارییە دیموكراتییەكان. ئەڵمانیا لەسەر ڕێگەی چەك تەسلیم كردن بە توركیا و پێشتریش بە عێراق و ڕاوەدوونانی كوردان و چاودێری كردنی كوردان بە ناوی pkk-roj.tv، لە ڕێگەی دەركردنی كوردان لە ئەڵمانیا و ناردنەوەیان بۆ توركیا و عێراق بۆتە بەشێك لە شەڕی دژ بە كورد. لێرەدا ئەركی سەرشانی هەموو مرۆڤێكی ئەنتەرناسیونال و سۆسیالیست و دیموكراتی خوازە لە ئەڵمانیا لایەنگری مرۆڤە تێكۆشەرەكانی كوردستان بكەن بۆ ڕزگار بوون لە كۆلۆنیالیزم، لە كۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ فاشیستەكان لە بەرلین و شارەكانیتر هێرشیان كردە سەر كۆمەڵە كوردیەكان و سەنتەرە كوردییەكان پاشان سوپای تورك دەستی كرد بە بۆمباران كردنی گوندەكانی باشووری كوردستان، لە بەرلین ئەڵمانییەكان و كوردەكان پێكەوە كۆبوونەوە و ڕێككەوتن تاوەكو لە ڕێگەی ئەڵمانییە چەپەكان پشتگیری بە دەست بێنن بۆ خەباتی ڕزگاری كورد، بۆ ئەوەی برادەرانی كورد لە ئەڵمانیا بە تەنها نەمێننەوە و لە لایەن پۆلیس بە ئاسانی هێرش نەكرێتە سەریان، لە هەمان كاتدا ئێمە داواكاری لە هەموو برادەرە كوردەكان دەكەین ئەوانەی چالاكن دژ بە فاشیسزم و ئەزمونی كوردانەی نەخواستراو كە لە سەرمایەداری بەشدار لە ئەڵمانیا دەژین و تووشی كێشەی كاپیتالیزم و نەژادپەرستی هاتوون یا تووشی هێرشی نازییەكان هاتوون لێرە پێویستە خەباتێكی هاوبەش بە ئێمە و ئەوانەی لێرە دەژین پیادە بكرێت.

**میدیا: بۆ چ مەبەستێك لە ساڵی ٢٠٠٧ هاتیتە باشووری كوردستان، پاشان بۆچی ئەم سەردانە بەر لە پرۆسەی ئازادی عێراق ئەنجام نەدرا؟**

–من یەكەمجار لە ساڵی ٢٠٠٧ سەردانی كوردستانی عێراقم كرد، دەمویست بە چاوی خۆم ببینم ئایا دوای ڕووخانی دیكتاتۆری بەعس كوردستانێكی ئازاد مافی مرۆڤی تێدا ڕەچاو و بینا دەكرێت، جگە لەوە من ڕیپۆرتاژێكی ڕۆژنامەوانیم لەسەر كەمپی مەخمور كرد و سەردانی كەمپی گەریلای pkk م لە قەندیل كرد وەك ڕۆژنامەنووسێك.

**میدیا: بەسەركردنەوەی گرتووخانەكانی سەردەمی ڕژێمی بەعس لە شارەكانی كوردستان یەكێك لەو شوێنانە بوو كە تۆ لە ماوەی گەشتەكەت بۆ كوردستان ئەنجامتدا، چ ئامانجێك لە پشتەوەی بینینی گرتووخانەكان هەبوو؟**

–ئەمنە سورەكە مەزارگەی بیرهاتنەوەیە بۆ هەموو ئەوانەی لە سایەی دیكتاتۆری بەعس لە ناوبران یا ئەشكەنجە دران و تێكۆشەرانی ئازادی و قوربانیانی ئۆپراسیۆنەكانی ئەنفال بوون، من ویستم یادی ئەو مرۆڤانە بكەمەوە و بە چاوی خۆم جێگە و شوێنی ئەشكەنجەیان ببینم. لە ئەڵمانیا هەندێك چەپی سادە هەن وادەزانن سەدام حوسێن پێشكەوتنخواز و دژ بە ئیمپریالیزم بووە لەبەر ئەوەی لەگەڵ ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بەشەڕ هاتووە، ئەوەی پێویستە تاوانەكانی ڕژێمی بەعس نەهێڵین و بكەوێتە باری لە بیر چونەوە.

**میدیا: پاش بینینی بارودۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتی كوردستان، دۆخی ئێستای زیندانیانی سیاسی كورد لە باشووری كوردستان چۆن دەبینی؟**

–من وەك ئابڕووچونێكی دەبینم، ئەوانەی تەندروستی و ژیانی خۆیان بۆ شەڕی دژ بە دیكتاتۆر تەرخان كرد ئەمڕۆ لە زۆربەی كاتەكان لە هەژاریدا دەژین، لە هەمان كاتدا سەركردەكانی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان و پارتی دیموكراتی كوردستان لە كاتی دیكتاتۆردا لە دەرەوەی كوردستان جێگەیان ئەمین بوو، ئێستاش لەسەر حیسابی میللەت ژیانێكی خۆش دەژین، ئەو كوردانەی بەكرێگیراوی بەعس بوون ئەمڕۆ دووبارە كار بەدەستن لە هێزەكانی ئاسایشی كوردی، بەڵام تێكۆشەرانی جاران هەتا ئەمڕۆش هەر چاوەڕوانی قەرەبوكردنەوەن. ئەوە بارودۆخی ئەڵمانیام بەبیر دێنێتەوە پاش ئەوەی فاشیستی هیتلەر كۆتایی هات، ئەوانەی كە دژ بە فاشیست خەباتیان كردبوو خانەنشینیان پێ نەدراو لێبراوەی كۆمۆنیست بوون.

**میدیا: دەتەوێ لە ماوەی داهاتوو كتێبێك لەسەر كوردەكان بڵاوبكەیتەوە، ئایا ناوەڕۆكی ئەم كتێبە چی لە خۆ دەگرێت و تاچەند وەكو لێكۆڵینەوەیەك مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت؟**

–من ئێستا بە هاوكاری لەگەڵ پارێزەر خاتوو Brigitte kiechle خەڵكی شاری كارلسروهە (karlsruha) كتێبێك دەنووسین تایتلەكەی"كرێكارانی كورد" Brigitte kiechle زۆر جار لە باكور و باشوری كوردستان بووە و تا ئێستا ٢ كتێبی لەسەر عێراق نووسیوە. كتێبەكەمان لەسەر كێشەی كورد و چارەسەرییە چاوەڕوانكراوەكان و هۆكارە سەرەكییەكانە لە باكوری كوردستان. ئێمە لەسەرەتا باس لە چارەنووسی كورد و لە دابەشكردنی كوردستان لە لایەن ئیستیعمار لە لۆزان ١٩٢٣ و لەسەر شكستی كۆماری مەهاباد تا دەگاتە جینۆسایدی هەڵەبجە دەكەین. ئێمە نیشانی دەدەین كە كورد ۆن لە لایەن وڵاتانی دەسەڵاتداری گەورە خیانەتیان لێ كرا و دەبێت پشت بە هێزی خۆیان ببەستن. ئێمە لێكۆڵینەوە لەسەر مێژوو و ئایدۆلۆجی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد دەكەین كە لە لایەن pkk كاری لەسەر كراوە و دەكرێت. دەبێ بارودۆخی ئافرەتان لە توركیا، باكوری كوردستان بە درێژی باس بكەین و لێكۆڵینەوە لەسەر سەركەوتنی ئافرەتانی كورد دەكەین، ئێمە نوێنەرایەتی ئەو بیردۆزە دەكەین، كە ڕزگار بوونی كورد لە تەنیا مومكین بوون، بزوتنەوەی كورد بتوانێت ڕێكبكەوێت لەگەڵ چەوساوەكانی وڵاتە چەوسێنەرەكانی تورك و عەرەب و فارس وەك كرێكاران و جوتیاران و ئافرەتان و كەمەنەتەوە و كەمە ئاینەكان. پێداگیری بكرێت كە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد شانبەشانی پرۆگرامێكی نەتەوەیی دیموكراتی و سۆسیالیستی بەرەو پێش ببەین و بتوانن ئەو جۆرە ڕێككەوتنە بكەن.

ئەمڕۆ ئێمە دەبینین لە باشووری كوردستان ئێستا بوروجوازی و دەرەبەگی و مەلا و ئاغای كورد هەموو شتێكی نەتەوەیی كوردیان فرۆشت، بۆ ئەوەی داگیركاری و سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان مسۆگەر بكەن. زۆر پێویستە كرێكارەكان و جوتیاران دژی چەوساندنەوە ڕووتاندنەوە بوەستن و دەست بەكاربن، ئەو كوردە خوێنمژانە وەك كۆلۆنیالیزم وان. بە وەرگرتنی یارمەتی لە ئیمپریالیزمی وەك ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، ئێمەی ئەوروپا لەسەر ڕێگەیەكی چەوت ڕادەوەستین. ئیمپریالیستەكان وەك سەرتەختەی شەترەنج لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەكار هێناوە، لەبەر ئەوەی ئیمپریالیستەكان كارتی كوردیان بەدەستەوە گرتووە. بە چارەسەری كێشەی كورد، لە هەمان كاتدا دەبێتە هۆی دیموكراتیزەبوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**میدیا: پێت وایە دوای ١٨ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ڕاپەڕینی كوردەكان، دەسەڵاتی سیاسی ئێستای حكومەتی كوردستان توانیویەتی ڕێزلەو خەباتكارانە بگرێت كە ئێستای ئەم حكومەتەیان پێكهێناوە؟**

–ڕاپەڕینی میللەت لە كۆتایی شەڕی كەنداو ١٩٩١ ڕاپەڕینی پارتەكان نەبوو بەڵكو پێكهاتەكانی میللەت بوو. جاران لە كوردستان شوراكان بە دیموكراتییەكی ڕادیكاڵی بۆ ماوەیەكی كەم دەسەڵاتیان بەڕێوە دەبرد نەوەك بەرژەوەندی پارتەكان، بەڵام ئەنانیەت و خۆپەرستی سەركردایەتی پارتەكان لە لایەك و هێزەكانی سەدام كە دووبارە لە لایەن ئیمپریالیستی ئەمریكا ڕێگەی پێدرا بێتەوە كوردستان ئەم تاقیكردنەوەیە خنكێندرا. حكومەتی ئەمڕۆی هەرێمی كوردستان ئەسیری دەستی ئەو هاوپەیمانییەیە كە لەگەڵ ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا هەیەتی. لە بری ئەوەی تواناكان بۆ بەرگری لە مافە نەتەوەیی و سۆسیالیستییەكان كۆبكاتەوە بە ماندوو بوونی خۆی لەسەر پێ نەك بە تەنیا بەتەمای ئەوەی كە هێزەكانی ئەمریكا بیان پارێزێ، ئەویش توانای ئەوەی نییە كێشەی كورد چارەسەر بكات. بۆ بارزانی و تالەبانی دەوروبەرەكانیان و بەرژەوەندی شەخسی خۆیان پێ گرنگترە لە مافە دیموكراتەكانی میللەت، لە پێناو دەسەڵات ئامادەن كەركوك بفرۆشن و بیكەنە قوربانی و ڕێگە بە توركیا و ئێران دەدەن گوندەكانی قەندیل و زاپ بوردومان بكەن. بە تێڕوانینی من بەو سیاسەتەی ئێستا هەیەتی مافی ئەوەی نییە وەك بەرگریكەر یا تێكۆشەری ئازادی خۆی حیساب بكات، مەسعود بارزانی پێویستە قسەكانی باوكی خۆی كە لە ١٩٧٤ وتبووی بەبیر بێتەوە. پێشتر ئەمریكا و شای ئێران و عێراق ڕێككەوتن و وایان كرد شەڕی كوردەكان لەسەر لوتكە بەرزەكان بكەون و تووشی گەورەترین شكست ببن بەرامبەر بە سوپای عێراق. مەلا مستەفا بارزانی گوتی "گەورەترین هەڵەی ژیانم ئەوە بوو كە متمانەم بە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا كرد". مەسعود بارزانی و جەلال تالەبانی ئێستا هەڵەیەكی ترسناك دەكەن، كە دووبارە چارەنوسی میللەتەكەیان بخەنە ژێر دەستی ئەمریكا، بەمە میللەتە دراوسێكانیشیان هار دەكەن.

**میدیا: خۆپیشاندانی زیندانییە سیاسییەكانی پێشای بەردەستی ڕژێمی بەعس لە كوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت، بە تایبەت لەو بارەیەوە ئێوە نامەیەكتان لە ٢٠٠٩/٢/٤ ئاراستەی زیندانیانی سیاسی لە كوردستان كرد؟**

–من وێنەكانی خۆپێشاندانی زیندانیە سیاسییەكانی كوردستانم دیت زۆر كاری لێم كرد، كە ژمارەیەكی زۆری مرۆڤ لە لایەن پۆلیس بە شێوەیەكی زۆر دوریان گیرا بوو لەگەڵ ئەوەش بۆ مافی خۆیان هاتبوون. ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی ئەو مرۆڤانە بدەینەوە نیشانی دەدا كە زۆر لەوانە تووشی نا یەكسانی و بێ مافی بوون، بەڵام حكومەتی هەرێم مافی زیندانیانی نەدا ئەویش دزی و ئابڕوچوونە لەبەر ئەوەی ئەوە مافی زیندانیانە و دەبێت بدرێت.

د. نیكۆلاوس لە زانكۆی (Ludwig-maximilians) لە مونشن (میونخ) مێژووی نوێ و كۆن و ئەدەبی نوێی ئەڵمانی و زانستی چاپ و بڵاوكردنەوە و بازرگانی كتێبی خوێندووە.
دكتۆرای لەسەر مێژوو و چالاكییەكانی (Rote hilf germany) وەرگرتووە.
(Rote hilf) كۆمیتەیەكی هاوكاریكردنە بۆ زیندانیە سیاسییە چەپەكان و خێزانەكانیان، لە ساڵی ١٩٢٠ و لەلایەن پارتی كۆمۆنیست دامەزراوە و Rote hilf تێدەكۆشا لە پێناو ئازاد كردنی هەموو زیندانیە سیاسییە پێشكەوتنخوازەكان بە بێ جیاوازی حیزبایەتی، لە تەك كۆمۆنیستەكان و سۆسیال دیموكراتەكان و ئەنەرشیستەكان و بێلایەنەكان لەگەڵ ئەوەش تێدەكۆشا لە دژی لە سێدارەدانی ئەو شۆڕشگێڕە ئەنەرشیستانەی وەك ساكۆ و ڤانزیت لە ساڵی ١٩٢٧ لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە سێدارەدران.

*

**مەسعود بارزانی پێویستە قسەكانی باوكی خۆی كە لە ١٩٧٤ وتبووی بەبیر بێتەوە**

*

**مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی ئێستا هەڵەیەكی ترسناك دەكەن، كە چارەنووسی میللەتەكەیان بخەنە ژێر دەستی ئەمریكا**

*

**حكومەتی هەرێم مافی زیندانیانی نەدا ئەوەش نابێ، لەبەرئەوەی ئەوە مافی زیندانیانە و دەبێت بدرێت**

*

**"هەندێ لەو كوردانەی بەكرێگیراو بوون ئەمڕۆ دووبارە كاربەدەستن لە هێزەكانی ئاسایشی كوردی، بەڵام تێكۆشەرانی جاران هەتا ئەمڕۆش هەر چاوەڕوانی قەرەبوكردنەوەن"**

**ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ڕاپەڕینی پارتەكان نەبوو، بەڵكو پێكهاتەكانی میللەت بوو**

**"لە باشووری كوردستان ئێستا بورجوازی و دەرەبەگ و مەلا و ئاغای كورد هەموو شتێكی نەتەوەیی كوردیان بەدەستە، بۆ ئەوەی داگیركاری و سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان مسۆگەربكەن"**